# ئاماژە پرسیارپێچەکانی شوێن

نەژاد عزیز سورمێ

«ئەم دەقانە، لەو خەونانە
دەچن، لە بێداربوونەوەدا بە پچڕپچڕی
بەبیر دێنەوە..
هەوڵێکە لە وردبوونەوە لە (شوێن) و
(ناشوێن)دا..»

*** بانێژەی جودایی**
شمشێری ئاوریشمینی لێ
هەڵکێشراوە..
ئاسمانی لێ ونە..
خۆزگە بۆ پەیمانەیەک دەخوازێ.

*** لەناو توولی تەمدا**
ناخایەنێ،
هەندەی نەماوە دەبارێ.

*** پاردە**
خۆی،
بە چیلە مێوەکەی تەنیشتییەوە
ڕاگرتووە..
لەوەتەی بڵێسە سەردانی دەکا،
کەلارێکی بێ سامی بارکەوتووە.

*** دورگەی زاراوە**
بۆ کەسی باس مەکە!
گەوهەری بێدەنگی،
گۆرانییەکی خەمباری
نیوەشەوانە..
داری ئومێدی پێ شین دەبێ.

*** سێبەری دارەبەن**
باخچەی باران..



هاوڕازی ئەستێران..
خەو،
لەو باوەشانەدا
ئیکسیری ئارامییە
قووڵ..
نەرم.

*** بەهاربەند**
منداڵیی تەوتەمە بێ موریدەکان،
جەژنا و جەژن..
وەرزاو وەرز..
دەگەڕێتەوە..
نوخشەت لێ دیار نییە، بزانی
چ دەبێ، چ دەگوزەرێ.

*** ڕێژگەی ئاوهەڵدێر**
بەفراوی..
بەخوڕ..
ژنان،
دامەنی کراسی لێ
پیرۆز دەکەن..
پیاوان،
گوناهی پێ دەسڕنەوە..
ڕێژگەی ئاو هەڵدێر
تەنیا لەچیا و کەپکان نییە
لە وتارانیش دەردەکەوێ.

*** کاول**
تۆ دەڕۆی بەجێم دێڵی
پێکگەیشتن خەون نییە، مۆتەکەیە..
چۆلەکەیش بێرەدا نایەن.

*** هێللانەی ژێر گوێسەبانە**
باڵداران هەڵەیان نەکردووە
مرۆڤ لەوێ هەڵدەدێردرێن.

*** گیرفانی جەنگاوەر**
نەینۆکێکی بچکۆلە.
وێنەی منداڵەکەی،
گەواڵەیەک گریانی ئامادە..
پێنج هەزارییەکی شین و
دوانامەی ژنەکەی.

*** شۆستەی عاشقان**
هەست لە بێ سنووریدا دەخنکێ
شازادە ماچیان لێ دەدزرێ..
خۆشەویستم بنووسە!
کامیراکان ناهێڵن
لێت نزیک ببمەوە.

*** کەناری دادخوازی**
ئەو دەڤەرە،
ڕووپێوێکی کوشندەیە..
شیناوەردی بێزار کردووە..
زۆرجار پەرۆشیی
سێدارەی لە دارستانەکاندا
بۆ هەڵدەخرێ.

*** بەردەمراز**
لەوەتەی نیشتیمانیان
لێ ون کردووین،
ڕێی بێچارەییمان گرتووە:
داماو،
لەبەر سێبەری خۆماندا
بەردەمراز هاوارە!

*** قەڵای تارمایی**
هەرزە..
بێ چاند..
بێ خەیاڵ..
بۆ جاری هەزارەم
عاجباتیان هەڵدەنێ..
چەشەخواز، بێباک
بۆ جاری هەزارەم
زارۆمان،
بەجاری هەزارەم دەسپێرێ.

*** بنمیچی دووری**

لە بیابان فڕێ دراوم..
دەمم دراوەتەوە..
فرمێسکم، دڵۆپ دڵۆپ
بەزەوی دەکەون..
زمانم گۆ ناکا..
دەیانبینم،
شاباشم بەسەردا لێ دەدەن.

*** گۆڕستانی پەپوولان**

بەدوای شوێنەواری گۆرانییەکەوەم
بێ ئاگاداری،
بێ ڕەزامەندی خۆم،
پێش مەرگ
کفنیان بۆ ئامادە کردووم.

*** بەر ئاستانەی ڕوانین**

لات.. کز
سەیری ئاسمانەی
(تاسان) دەکا.

*** تەلانی برۆکانی**

چرا لە دوور ڕا دەبینرێن
ڕووناکی،
بەلای لووتکەدا دەشکێنێتەوە..
متمانەت پێ دەکەم
دڵە لانەوازەکەمت لە دەست دەنێم.

*** باوەشی نیگەرانی**

بە هەورازێک سەردەکەوێ،
ژیانی لێ نزیک بووەتەوە..
لێرە فێر بوو
دڵنیایی بە کوێدا دێ.

*** بیلبیلەی ڕێکەوت**

چرکە ئەبەدییەکانی
لێ کۆ دەبنەوە..
خاکەڕایی،
تەنکە بەفرێکە
تازە باریوە..
ناتوانم بڵێم
دونیا سپی دەکا.

*** باڵی شەپۆل**

تۆقەلانی بەخۆویران..
ئەزموونی هاوسەنگی
هەستێک،
لە نەوای خوماربوون دەچێ.

*** ئاگردان**

لە چاخە بەردینەکانەوە
لەو کسپەیە نەگەیشتن،
بە پرووشەیێ
دەنگ دەداتەوە.

*** ناوەڕاستی ڕستە**

چ شەوبەکێوییەکی سەختە
ڕێگاکانت،
بە (سەقەتایەتی) لێ بگیرێ.

*** پشتی بوراق**

ڕاسپاردەکانم لەبیر کردووە
بمبە کەشکەڵانی فەلەک!
لە ڕێگادا،
بەبیرم دێنەوە..
ئێستا و دوارۆژیان
لێ بە تاڵان بردووم
بمبە کەشکەڵانی فەلەک
شایەد بیانهێنمەوە.

*** کووچەی بنبەست**

لە چۆڵایی، چۆڵتر..
لە خەم، غەمگینتر..
لە دەسبەتاڵی، بێ ئیشتر..
قەڵەمڕەوێکی بێ حاکم.

*** ناخی تەنیایی**

ئۆقیانووسێک گریانی تیا
قەتیس ماوە..
چیایەک لە هەنسک..
قەسیدەیەکی سەربڕاو..
ڕۆمانێکی زیندانی.

*** ڕۆژهەڵاتی نیگا**

تۆم بینی،
یاقووتێکم لەخۆمدا
دۆزییەوە.

*** دڕاڵەی چۆڵ**

وەختێک خەونەکانمان،
هاتوچوویان پێدا دەکرد..
سەردەمێک،
(ئازیزە)ی ژوانی پێ دەکرد.

*** بۆشایی با**

جوانی،
لێرە زەفەری پێ دەبرێ..
قەڵای دڵ،
لەوێدا
لە بۆشایی ماندوویدا
داگیر دەکرێ..
لە داد مەپرسە!

*** ئەوسەری پەرەگراف**

ئەتمۆسفیری گێرسانەوە
لە ڕستەی،
(بڵێی تا سەر بێ) دایە.

*** مۆڵگەی بوونەوەران**

بوونەوەر،
چاوی شەیدایان
لە گەنجینەی سەروبنی دونیایە
ماڵ و مۆڵگە،
بە (میم) دەست پێ دەکەن.

*** بناری چاوەڕوانی**

بەبیرت دێتەوە
چ تافتەیەکی باڵانوێنت
لەوێ بەجێ هێشتبوو؟
لەوێ
لەناو گەرداوی گومان،
لە داڵانە بێ کڵاوڕۆژنەکەدا:
(لاوک)ێک بوو لە فرمێسک
(هۆرە)ی ماڵئاوایی..
(ئەڵڵاوەیسی)یەک لە داخ..
بەبیرت دێتەوە وتم؛
ئەگەر بڕۆی
برینەکانت دەدەمەوە؟!

شوباتی/ ٢٠١٧